شۆڕشی نەتەوەیی و کەسێتی نەتەوەیی

ئومێد مەحمود

مانەوە و گەشەی کۆمەڵگە بەندە بە پرەنسیپی یەکسانی خەڵکەکەی لەوەی وەکیەک بەشێکی کۆمەڵگەکەیان بن. لەسایەی ئەم یەکسانییەی ئەندامانی جڤاکە سەربەخۆ و سروشتییەکاندا، جووڵە و هەنگاو بەرەو دیموکراتی خێراتر دەبێت □ئەرستۆ□، تا جڤاک لە دیموکراتی نزیکتر بێت لەناو خەڵکەکەیدا لەیەکنزیکبوونەوە و بەیەکپەیوەستبوون زیاد دەکات. ئەم لێکنزیکبوونەوەیە بەتایبەت لەو کۆمەڵگەیانەی هەموو یان زۆرینەی ڕەهایان لە نەژاد □ئیتنیک□ێک پێکهاتووە، دەگۆڕێت بە هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی و لە خەیاڵ □وێنای□ی خەڵکەکەیا خۆی وێنا دەکات. بێنەدیکت ئەندرسن ئەم خەیاڵ □وێنای□ ی کۆمەڵگەیکی سیاسی بەیەکێک لە تایبەتمەندییەکانی نەتەوە ناساند. ئەو دەڵێت هەرچەندە خەڵکی کۆمەڵگەیەکی سیاسی گەورەتر لە گوندێک هەموویان یەکتر ناناسن، وەلێ لە ناخیانا هەستی گرێدراویان بە خەڵکی کۆمەڵگەکەیانەوە لە هەر جێگەیەک بن هەیە. هەستێکی وەها کە سەرەڕای کەموکوڕی، ڕەتاندنەوە و نایەکسانی دابەشبوونی سامان لە کۆمەڵگەکەیاندا، لە بەرانبەر مەترسییەکانی سەر کۆمەڵگەکەیان وەک یەک هێزی یەکگرتووی پتەو لە چوارچێوەیەکی سنووورداری جوگرافی خاوەن سەروەریدا دەردەکەون. سنووری نەتەوە و سەروەریی نەتەوە دوو تایبەتمەندی تری نەتەوەن لای ئەندرسن. سنووری نەتەوە ئەو جوگرافیایە، کە لەوێدا زمان و کولتوورێکی

جیاواز لە نەتەوەکانی تر بەکاردەهێنرێت، بەڵام نەتەوەیەک چەند گەورەش بێت، سنووریکی هەیە و ناخوازێت نەتەوەکانی دیکەی دنیا بکات بە نەتەوەی خۆی، سەروەریی نەتەوەیی لەسایەی کاریگەرییەکانی شۆڕشی پیشەسازی و گەشەی سەرمایەداری و ڕۆشنگەرییەوە، لە سەردەمی شۆڕشی فەڕەنسا ـوە هزری سەروەری نەتەوە هاندرا. ئەنتنی سمیس، ئەم هاندانە بە هۆکاری سەربەخۆیی نەتەوەکان و سەرەتای کۆتاییپێهێنانی ئیمپراتۆرە مەزنەکانی دنیای ئەو سەردەمە و پێکهێنانی دەوڵەت نەتەوە دەبینێت. لە سایەی دەوڵەتی نەتەوەییدا، کۆتایی بە حوکمی شێوە هەرەمی پاشماوەیی هێنرا و پلەبەندی کۆمەڵایەتی سەردەمی پاشایەتی کۆتایهات و لەجێیدا ئازادی و مافی مرۆڤ سەری هەڵدا. بەمەش پێش ئەوەی شۆڕشی فەرەنسی شۆڕشی دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤ بێت شۆڕشی نەتەوەیی بوو.

هۆکاری گەشەی سروشتی و گەیشتن بە دەوڵەت- نەتەوە لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا، هزری ڕۆشنگەری ڕۆژئاوایی بەتایبەتی فەرەنسی و شۆڕشی پیشەسازی بوو. گەشەی سەرمایەداری و پێویستبوونی بازاڕی نوێ بۆ بەکاربردنی کاڵا، دەوڵەتی بەرەو قۆناغی کۆلۆنیالیزمی برد، داگیرکردنی وڵاتانی نوێ، بازاڕ و کەرەستە پێویستییەکانی بەرهەمهێنان دابین کرد و بوو بە سەرچاوەی گەشەی زیاتری دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکان. بەڵام ئەمانە نەهامەتی بوون بۆ وڵاتە داگیرکراوەکان، سەرای ئەوەی وڵاتیان داگیرکرا و دەسەڵاتێکی نامۆ و دژ بە بەرژەوەندی خەڵک و وڵاتی داگیرکراو خۆی سەپاند بوو، لە ڕووی ئابووریشەوە،

لەلایەک سامانی ژێرزەوی و سەرزەوییان تاڵان دەکرا، لەلایەکی دیەوە هاتنی کاڵای هاوردەی رۆژئاوایی رێگری سەرەکی گەشەی ئابووری نیشتمانییان بوو. ئابووری نیشتمانی و سەرمایەداری نیشتمانیی، لە وڵاتی داگیرکراودا پێش دروستبوونی لەبار برا، لەجێیدا ئابوورییەکی وابەستە بە داگیرکەر و لە بری چینی سەرمایەداری نیشتمانی، چینێکی سەرمایەداری تایبەت [کۆمپرادۆر] وابەستە بە داگیرکەر دروستکرا. ئەمە رێگری یەکەمی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکانە، هەتا لە نیشتمان و گەلی بندەستدا دەوڵەتێکی سروشتی سەربەخۆ و بەهێز دروست نەبێت. لە رووی کۆمەلایەتیشەوە داگیرکەر کۆمەڵگەی بەرەو پشێوی و نائارامی کۆمەلایەتی دەبرد و کەلێنی لە نێوان توێژەکانی کۆمەڵگەدا دروست دەکرد. سەرجەمی ئەو هەوڵانە لە پێناوی دوورخستنەوەی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بوو .

رێگری گەشە سروشتییەکەی ئابووری نەتەوە داگیرکراوەکان، گرفت و کۆسپی گەشەی سروشتی کۆمەڵگەی داگیرکراویش بوون لەرووی سیاسی و کۆمەلایەتییەوە. بەمجۆرە زەمینەی سروشتی گەشەی هەمەلایەنەی سیاسی، ئابووری، کۆمەلایەتی و بەدەوڵەت–نەتەوەبوون لە وڵاتە کۆلۆنیکراوەکاندا نەڕەخسا و سەرجەم ئەو دەوڵەت- نەتەوانەی دواتر لە وڵاتە داگیرکراوەکاندا دامەزران، دەرەنجامی گەشەی سروشتی کۆمەڵگە نەبوو، بەڵکو دەستنێژ و دەستکردی خودی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکان بوون. گەرەنتی مانەوەی بەرژەوندییە کۆلۆنیالییەکانیان

بـوو، کلیلـی ئـاڵوگۆڕ لە دەوڵەتە دەسـکردەکاندا بە ویسـت و لە دەسـتی دروسـتکەردایە .

دەوڵەتـــی داگیـــرکەر لەهەر پێگەیەکـــدا بێـــت □پێشـــکەوتوو و دیمـــوکراتی، یـــان دواکەوتـوو و دیکتـاتۆری□ هەرجـۆرە سیسـتەمێک بـۆ گەلـی سەردەسـت و وڵاتی خـۆی پەیـڕەو بکـات، مـامەڵە لەتەک نەتەوەی ژێردەسـتدا بە دڕانـدانەترین شـێوەی سـەرکوت، وەک ڕژێمـی سـەدە کۆنەکـانی پـاوانخوازی دەکـات، گشـت لە ئـازادی و مـاف و دیمـوکراتی بێـبەش دەکـات. دەوڵەت- نەتەوەکـانی ئێـراق، ترکیـا، سـووریا و ئێـران دەسـتکردی دەوڵەتە کۆڵۆنیالیسـتیەکان بـوون، داگیرکردنـی کوردسـتان، وەک میـراتییەک لە دەوڵەتە کۆڵۆنیالیەکـانەوە بـۆ مـایەوە. ڕوونە دەوڵەتە کۆڵۆنیالییەکـانی بەریتانیـا و فەڕەنسـا ئەم هەنگاوەیـان لە پێنـاوی پاراسـتنی بەرژەوەنـدییەکانی خۆیـان هەڵگـرت و گەرەنتـی پاراسـتنی بەرژەونـدییەکانیان لە دەوڵەتە دەسـتنێژەکانی خۆیـان وەرگـرت. ئەم هەنگـاوە نـامۆراڵییە جـووت و هـاوتەریبی بەرژەوەنـدییەکانی نەتەوەی سەردەسـتی □عەرەب و تـورک و فارس ـە□ و دژ بە بەرژەوەنـدییەکانی نەتەوە و نیشـتمانی کوردسـتانە. بەمجـۆرە بەرژەوەنـدی نەتەوەی سـەر دەسـت و دەوڵەتە کۆڵۆنیالییەکـان بە یەکەوە دژن بە بەرژەوەنـدی گەلـی کوردسـتان وەسـتاوەتەوە و مـۆری سـەرجەم تراجیـدیا و زیانەکـانی ١٢٠ سـاڵی ڕابـردوو بە نـاوچەوانی ڕەش و پـۆخڵی تاوانباریـانەوە هەڵکەنـدراوە، ئەمە ڕێگـری دووەمـی کۆڵۆنیـالیزمە بـۆ شۆڕشـی کوردسـتان و خـاڵێکی تـایبەتری دژوار و ئـاڵۆزکەری دۆزی کـوردە. دەوڵەتە

کۆلۆنیالیستییەکان لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تا ئەمڕۆ ڕاستەخۆ یان شانبەشانی داگیرکەر دژ بە ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان کاردەکەن، سەرەڕای هەردوو ڕێگرییەکەی بەردەم بە دەوڵەتبوونی کوردستان و بەتایبەتی کاتێک ڕێگر و گرفتەکان بزانین.

ڕێگەی ڕزگاری و سەربەخۆیی و ئاسۆی سەرکەوتنیش دیار و ڕوونە. داگیرکەرانی کوردستان داگیرکەری سوننەتی نین و تەنها بە تاڵانکردنی سامان و بێ مافکردنی نەتەوە و نیشتمانی کوردستان نەوەستاون و هەوڵی لکاندنی کوردستان بە دەوڵەتە دەستکردە داگیرکەرەکەیان داوە. بۆ جێبەجێکردنی ئەم نیازە نائەخلاقییە بەردەوام خاکی کوردستان دەدزن و کەمی دەکەنەوە. لەبری ئازادی تاک و بەکۆمەڵی خەڵکی کوردستان و مافی مرۆڤ و دیموکراتی، بە کەمینەکردن و تواندنەوە و ئاسیملەکردن مۆرکی نەتەوەیی و کوردستانیبوونی نەتەوە دەسڕنەوە، بەنیازی ئەوەی وەک دروستبوونەکەیان، بە ڕێگەی ناسروشتی و بە زۆر و بەتوندوتیژی نەتەوەی جیاواز لە نەتەوەی داگیرکەر لەناوببەن. دەوڵەتە دەستکردەکەیان بەیەک نەتەوە بکەن، گۆڕە بەکۆمەڵەکانی منداڵ و ژن و پیاوی کوردستان لە بیابانەکانی ئێراقدا شایەدی ئەم ڕاستیەن. داگیرکەر دەوڵەتە دەستکرد و داتاشراوەکەی لەسەر خاکی کوردستان بۆ دروست کراوە، لە ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان دا مەرگی خۆیان دەبینن. سروشتی داگیرکردنی لەمجۆرە و سیاسەتی لەناوبردنی گەلی کوردستان، تەنها یەک ڕێگەچارەسەری ریشەیی بۆ کێشەکە هێشتووەتەوە، ئەویش

دەرکـــردن□ مەرگ □ی داگیـــرکەرە لەســـەر خـــاکی کوردســـتان، و ڕزگـــاربوون و ســەربەخۆبوون و پێکهێنــانی دەوڵەتــی کوردســتانە. لە ســایەی دەوڵەتــی کوردســتاندا، ســەربەخۆی و ئــازادی و هەنگاونــان بەرەو دیمــوکراتی مسـۆگەر دەبێـت. هیگـل ئــازادی بە سیســـتمی عەقڵـدنی دەوڵەتەوە پەیوەســتکرد، لەســایەیدا پەیوەنــدییەکانی نێــوان دامەزراوەکــانی موڵکـــداری و گرێبەســـت و پەیمـــانە هاوبەشـــەکان لە چوارچێـــوەی یاســاکانی دەوڵەتــدا ڕێــک دەخــات، دەوڵەت و سیســتمە عەقڵـدنیەکەی کــۆمەڵگەیەکی لەگەڵیەکدا گونجاو و ئازاد دروست دەکەن.

هـــزری بەدەوڵەتکردنـــی کوردســـتان گونجـــاوترین و تەنهـــا دەرچەی کۆتاییهێنـــانە بە داگیرکـــاری و بە ژێردەســـتەیی. لە ســـایەی هـــزری دەوڵەتـــدا پرۆســـەی ســـەربەخۆی و بەدەوڵەتبـــوونی کوردســـتان بە دوائامانجەکـــانی دەگـــات و گشـــت نەهامەتییەکـــانی گەل کۆتـــایی پـــێ دەهێنرێـــت، بەڵدم لە ئەنجامدانەکەیـــدا بە ڕەچـــاوی بـــارودۆخە تـــایبەتیەکەی کوردســـتان، شـــێوەیەکی بەدەوڵەتبـــوونی تـــایبەت بەخـــۆی پێویســـتە، نە شـــێوە سروشـــتییەکەی دەوڵەت- نەتەوەکـــانی ڕۆژئـــاوا و نە شـــێوەی دامەزرانـــدنی دەســـتکردی دەوڵەتـــی وابەســـتە لەلـــدیەن لـــدیەنێکی دەرەکـــیەوە، وەک چـــۆن دەوڵەت لە وڵـــدتە کۆڵۆنیکراوەکانـــدا دروســـت کـــرا، بەڵکـــو لە پرۆســـەی بەدەوڵەتبـــوونێکی تـــایبەت بە کوردســـتان، پرۆســـەیەکی خـــۆکردی پشتئەســـتوور بە گشـــت تواناکـــانی نەتەوەی کوردســـتان و بە بـــوونی ســـتراتیجی بەدەوڵەتبـــوون و بەرنـــامە و تـــاکتیکی گونجـــاو، بە

خەبـاتی هەمەچەشـنەی ڕزگـاریی نیشـتمانیی دەوڵەتێکـی نـوێ پێـک دەهێنـین .

تایبەتمەنـدییە جیـاکەرەوەکەی بەدەوڵەتبـوونی کوردسـتان لە دەوڵەتەکـانی ڕۆژئـاوا و دەوڵەتە دەسـتکردەکانی نـاوچەکە، چـۆنیەتی بە دەوڵەتبـوونی دەوڵەتە. بـارودۆخی داگیرکـراوی و دابەشـکراوی و بەزۆرلکێنـدراوی و دواخـراوی زەمینەیەکـی سروشـتی بەدەوڵەتبـوون نیـیە. لە پەیمـانی لۆزان یشەوە شانسـی جێبەجێکردنـی پەیماننـامەی سـیڤەر و دروسـتکردنەکەی بە هاریکـاری یـان بەدەسـتی دەرەکـی لەبـاربرا. لە ڕاسـتیدا ئەوەی ئەم شانسـەی بەتەواوی ڕەش کـرد، سازشـی پـارتی سیاسـی و کەسـە یەکەمەکـانی بـوو لە هـزری سـەربەخۆی و بەدەوڵەتکردنـی کوردسـتان. لەو کاتەشـەوە هۆکـارێکی گرنگـی دواکەوتنـی بەدەوڵەتبـوونە. تەنهـا دەرچەیەکـی کـراوە لە بەردەم پرۆسـەی بە دەوڵەتبوونـدا مابێـت دەرچەی پراکتیزەکردنـی هـزری بەدەوڵەتبـوونی کوردسـتانە، بەخۆڕێکخسـتنی نەتەوەیـیە شۆڕشـگێڕەکانی کوردسـتان و دروسـتکردنی ڕێکخـراوی هەمەچەشـنەی بەدەوڵەتکـردن و بەبـوونی بەرنـامەی کـار و خەبـات و وریـایی و بەدواچـوون لە جێبەجێکردنـدا. هاوکـات، بە پشتبەسـتن بە هێـز و تواناکـانی خـۆی و نەتەوەکەی. دەسـپێک و سـەرەتای لەمجـۆرە بنـاغە و ژێرخـانی دامەزرانـدنی دەوڵەت- نیشـتمانە، تایبەتمەنـدی پرۆسـەی بەدەوڵەت- نیشـتمانبوونی کوردسـتان لە خۆکردی و خۆماڵییەکەیەوە هاتووە.

سەرەڕای شۆڕشی بەردەوامی زیاتر لە سەد ساڵەی کوردستان، بەڵام هزری سەربەخۆی و بەدەوڵەتکردن نەکراوەتە ستراتیژ و ئامانجی بزوتنەوەکە. هەرچەندە ناوەڕۆکی ناسیۆنالیستی بزووتنەوەکە و پاڵنەری ڕزگاری کوردستان مۆتیڤی خەباتە شۆڕشگێڕییەکان و قوربانیدانی خەباتکاران و شەهیدەکانیشمان بووە، بەڵام زۆربەی پارتە سیاسیەکانی ناو کوردستان بەتایبەتی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، سازشیان لە ستراتیجی بەدەوڵەتبوون کردووە. هۆکارەکانی ئەم هەڵوێستەی پارتەکان زۆرن، لە گرنگەکانی، زۆربەیان وەک دەرەنجامی گەشەی بارودۆخی بابەتیی کۆمەڵگەی کوردستان دروست نەبوون، بەڵکوو چاولێکەر و کۆپی پارتەکانی نەتەوەی داگیرکەر بوون، دروشم و ئامانجەکانیشیان بەهەمان شێوە بووە. هەروەها، بەرژەوەندییە کەسی و حیزبییەکانیان پێش بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستان خستووە و لە پێناوی دەسکەوتی خێرا و ئاساندا خەونی شاعیرانەیان بە دیموکراتیزەکردنی دەوڵەتی داگیرکەرەو بینیووە. تێگەیشتنی هەڵەشیان بۆ زانستی سیاسەت هەبووە، وەک ئەوەی سیاسەتیان بە هونەری بەدەستهێنانی دەستکەوتە گونجاوەکان دیوە، لە کاتێکدا سیاسەت هونەری هەڵبژاردنی ڕێگە دروست و کورت و کەمزیانەکانی بەدەستهێنانی ستراتیج و ئامانجە باڵاکانی نەتەوەیە. ئەمانە بەشێکی هۆکارەکانبوون. ڕاستە ژمارەیەکی بەرچاو لە تاکی نەتەوەیی هێشتا ئەندامی پارتە سیاسیەکانن و بەشە زیندوو و هەرە کاریگەرەکەی ناویانن، بەڵام نەزانین و هەڵەی سیاسی سەرکردە و کەسە یەکەمەکانیان، کاریگەرییەکانی تاکی نەتەوەیی ناو پارتە سیاسییەکان سنووردار کردووە. لەو چوارچێوەیەدا توانای

وەستاندنی سووڕانەوەی شۆڕشی کوردستانیان لە بازنەی شکستدا لەدەستدا نییە .

چارەسەری کێشەی کوردستان، لە بەرژەوندی گەلی کوردستان و ناوچەکە و مرۆڤایەتیشدایە. مانەوەی کێشەکە سەرەڕای بەرخۆدان و قوربانیدانە یەکجار زۆرەکەی نەتەوە، خوازیاری سەرهەڵدانی خەباتێکیی نوێ و بەردەوامی تێکۆشانە لەپێناوی گەیشتن بە چارەسەر. کار و خەباتی نەپساوەی بەئاراستەی جێبەجێ کردنی هزری دەوڵەت گەرەکە .

ئیدی ناکرێت شۆڕشگێرە نەتەوەییەکان لەمە زیاتر چاوەڕوان و تەماشەوانی پارتەکانی کوردستان بن، وەک فریادڕەس و هیوای چارەسەر بیانبینن. ئەو دەمەی ژمارەیەکی بەرچاوی مرۆڤی نەتەوەیی کوردستان هزری بەدەوڵەتبوون دەکەنە ڕێبەری کارکردن و سایەی لێکنزیکبوونەوە و یەکگرتنیان، دەستپێکی نوێی خەباتێکی ئامانجدارە، ئاراستەکەی بەرەو ڕزگارکردنی نیشتمان و بەدەوڵەتکردن و بەدەستهێنانی ئازادی و مافەکانی مرۆڤی کوردستان دەبێت. دەرەنجامی ئەم خەباتە، گۆڕانکارییەکی مێژوویی و ڕیشەیی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا دەخوڵقێت، قۆناغی ژێردەستەیی و ئابووری وابەستەی دەوڵەتی داگیرکەر و دواخراوەیی کوردستان دەنێژێت. لە دەوڵەتی کوردستاندا سیستەمێکی نوێی سیاسی و ئابووری سەربەخۆ و کۆمەڵایەتی ئازادی تەواو دژ بە سیستەمی داگیرکەری پێک دەهێنرێت،

ئەم گۆڕانکارییە مێژووییە شۆڕشە، شۆڕشی نەتەوەیی کوردستانە، ناوەڕۆکی شۆڕشەکە و سەرچاوەی هێز و جۆشدانەکەی کوردستانیبوونیەتی .

کاراکتەر و ناوکی ئەم شۆڕشە نەتەوەییە، تاکی نەتەوەیی شۆڕشگێڕی کوردستانە، کە سەر بە هیچ چین و توێژێکی دیاریکراو نین و لە هەناوی کۆمەڵگەی چەوساوەی کوردستان ـەوە دێن. ئەوان هۆشیاریی نەتەوەییان بەرزە و بڕوایەکی پتەویان بە هزری دەوڵەت و بە خۆیان هەیە و خۆنەویستانە، شێلگیرانە، بەردەوام کار بۆ ئامانجی باڵای سەربەخۆیی و بەدەوڵەتبوون دەکەن، ئەوان شۆڕشگێڕانی نەتەوەیین و داینەمۆ و ئامرازی سەرخستن و بەرگریکاری شۆڕشێکی ئامانجدارن. دوای سەرکەوتن و لە دەوڵەتی کوردستان ـیشدا پارێزەری ئازادی و مافی مرۆڤ و دیموکراتین .

ماویەتی...